www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 26-2-2007 18:13

## بەرلین و بەدرخان! ... مەریوان مەسعود

*چەند سالّێكە كە دەلّێن یادی رۆژنامەوانی كوردیی نزیكبۆتەوە یەكسەر وەكو ئێمەی هەولێریی وتەنی (قەلبم تێكدەچێت) چونكە دەبێت كۆمەلّێك خەفەتی بێ هۆ بخۆم لەكاتێكدا دەبێت پێچەوانەبێت و دلّشادبم، بەلاّم ئەمسالّ لەئێستاوە كە هێشتا تەقریبەن دوو مانگێك ماوە بۆیادەكە قەلبم تێكچووە بەتایبەت كە دەلّێن یادەكە دەچێتە بەرلین!.



بەمبۆنەیەوەو هەرچەندە لەرۆژنامەو پێگە كوردییەكانی ئینتەرنێت قسە زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە كراوە، بەلاّم منیش پشكێكم بەردەكەوێت كە بۆچوونی خۆم بلّێم و هەندێك پێشنیاز بكەم و فەرموون:

-چەند رۆژێك بەرلەئێستا هەردوو حكومەتی ژاپۆن و دانیمارك برِیاریاندا كە هەرێمی كوردستان لە لیستی ناوچە مەترسیدارەكانی جیهان دەربهێنن، كەچی تازە یادی رۆژنامەوانی كوردیی دەبرێتە بەرلین بەلاّم لەوە دەچێت وایان لە ئەلّمانیەكان گەیاندبێت كە سلێمانی فەللوجەیەو هەولێریش رومادییە!.

-پێم وایە بەدرخانییەكان لەمیسر رۆژنامەی (كوردستان) یان دەركردبوو نەك لەبەرلین بۆیە ئەگەر بیانواتایە دەچینە قاهیرەو پارەش زۆر سەرفبكرایە هێشتا مەعقولتر بوو نەك بەرلین و مەرلین.

-سەیرەكە لەوەدایە كە لەكۆی 3000 ئەندامی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان تەنها 30 رۆژنامەوان بانگهێشتكراون، ئەویش خوا دەزانێت ئەم 30 كەسە رۆژنامەوانن یان شتی تر!.

- پێشنیاز دەكەم لەم پارەیەی كە بۆ یادەكە تەرخانكراوە لەلایەن حكومەت و حزبە كوردییەكان كە لەوانەیە تەنها 30كەس سوودی لێببینن با 3000 كامێرا یان ریكۆردەری موقابەلەی پێبكرِدرێت و لەلایەن سەندیكاوە بەناوی دیاری بەدرخانەوە بدرێت بەرۆژنامەوانان نەك وەكو ئێستا حكومەت و حزب بە كەیفی خۆیان پارە بۆ ئەم یادە ببەخشنەوەو كەس نازانێت چی لێدێت كەچی نەقیب و ئەنجومەنی سەندیكا هەر دەعوەتیش نەكراون و بەخوا پێشم وایە ناتوانن لەسەر حیسابی خۆیان بچن بۆ بەرلین!.

-دواجار پێشنیاز دەكەم ئەگەر بەو پارەیەی بۆ یادەكەی بەرلین داتانناوەو كامێراو ریكۆردەریش بۆ رۆژنامەوانان ناكرِن، خولێكی چۆنیەتی وەلاّمدانەوە بەرەچاوكردنی ئیتیكی رۆژنامەوانی بكەنەوەو باهەمووومان بەئێوەشەوە بەشداری تێدا بكەین. . . خۆ ئەگەر ئەوانەش ناكەن با بۆ بەرزراگرتنی گیانی بەدرخانییەكان و ئەنفالەكان یادی ئەمسالّ ببەینە گەرمیانی بریندار، ئەو كاتە بزانین ئەوانەی جانتای سەفەریشیان كرِیووە بۆ بەرلین ئامادەن بێن بۆ گەرمیان بۆ ئەوەی چەند چەپكە گولّێك بەناوی بەدرخانییەكان لە شوێنی گۆرِە بەكۆمەلّەكان دابنێین و شەربەتێكی خۆشیش لەگەلّ مندالّە ئەنفالەكان بخۆنەوە. . . بەخوا زەحمەتە؟!

*ناونیشانی ئەمجارەی گۆشەكەم لە ناونیشانی نووسینێكی رۆژنامەوان (لاوەند نەوزاد) وەرگیراوە كە لە هەفتەنامەی ئاوێنە نووسیبووی بەناوی (بەدرخان و بەرلین!) بەلاّم لای من بووە بە (بەرلین و بەدرخان!) .

Mariwan77@maktoob. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاّودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.